# کارەسات

******

مەجید دڵنیا

چ کارەساتێکە
زۆردارێک
باس لە ئازادیی و
جەلادێک
لە میهرەبانیی و
دزوجەردە
لە پاکسازیی و
درۆزنێک
لە ڕاستگۆیی و
داوێن پیس
لە پاکیزەیی و
فایلدار
لە شۆڕشگێڕیی و
کوردکوژێک
لە کوردایەتی و
قەڵەم فرۆشێک لە هەڵوێست
نیشتیمانم ئەمێستا
تۆ خەڵتانی لە کارەسات
ئای چ کارەساتێکە هاوڕێ!...